
سەباح نوعمان: هەرشکردنە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا کردەوەیەکی تیرۆریستییە



گوتەبژی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق رایگەیاند، هەرشکردنە سەر باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا لەلایەن گرووپە لەیاسادەرچووەکانەوە، کردەوەیەکی تیرۆریستییە و پشێلکارییەکی مەترسیدارە. هاوکات ئاشکرای دەکات کە محەممەد شیاع سوودانی فەرمانی بە دەزگا ئەمنییەکان داوە بۆ دەستگیرکردنی ئەنجامدەرانی ئەو هەرشە و ڕاپێچکردنیان بۆ بەردەم دادگا.

ڕۆژی سێشەممە 17ـی ئاداری 2026، سەباح نوعمان، گوتەبژی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق، لە ڕاگەیەندراوەکەی فەرمیدا باوەی کردەوە: "جارێکی دیکە گرووپە لەیاسادەرچووەکان هەرشە تاوانکارییەکانیان دووبارە کردەوە بۆئامانجگرتنی بارەگای باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە پایتەختی بەغدا لە ئێوارەی ئەمڕۆدا."

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە کە ئەم کردەوە تاوانکارییە سەرکەنە دەکەین و ڕەت دەکرێتەوە، و بە دەستدرێژییەکی ئاشکرای تیرۆریستی بە سەر سەروەری و شکۆی عێراق وەسف کراوە.

گوتەبێژی فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان هەشداری دەدات و دەڵێت: "بەئامانجگرتنی بارەگای نەردە دیپلۆماسییەکان، وەک کارێکی نابەرپرسانە، پێشێلکارییەکی مەترسیداری ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و پەیوەندییە دەرکییەکانە، و عێراق لەبەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دەخاتە دەخکی شەرمەزارکەرەوە، کە ڕەنگە پاڵنەر بێت بۆ گرتنبەری ڕەوشوێنک کە هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی نیشتمان و گەلەکەمان بکات."

لە بەشکی دیکەی ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە، دوابەدوای ئەم هێرشە، محەممەد شیاع سوودانی، فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان، فەرمانکانی بە دەزگا ئەمنییەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان دووپات کردووەتەوە کە بە هیچ شێوەیەک کەمتەرخەمی نەکەن لە بەدواداچوون و ڕاوەدوونانی تاوانباران و ڕاپێچکردنیان بۆ بەردەم دادگا بۆ ئەوەی سزای ڕەوای خۆیان وەربگرن.

لە کۆتاییدا سەباح نوعمان جەختی لەوە کردووەتەوە: "هیچ دووڕەوی و پاشکشێیەک نابێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەر لایەنێک کە هەوڵی تێکدانی ئاسایشی پایتەخت و شارەکانی دیکەی عێراق بدات، یان چەک لە دەرەوەی چوارچێوەی دەوڵەت بەکار بهێنێت."